# نامەیەك بۆ نووسەرە قەڵەم فرۆشەكان

ن: عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمكی

خورماتوو

ئاشكرایە بواری نووسین زۆرە كە كەسێك بیەوێ لەسەر تەوەرێك بنووسێت، نووسەر یا رۆژنامەوان. دەبێت بەردەوام بە دوای دیاردەكانی ناو چڤاك و لەسەر دەسەلات بنوسێ بۆ ئەوەی ئەو دیاردە نێگەتیفانە كە بوونی هەیە بنبڕ بكرێت و هەروەها بۆ دیموكراتیزەكردنی دەسەلات پێویستە هەلوێستمان هەبێت. بە رایی من ئەو دوو لایەنە زۆر گرنگە بۆ نووسەرانی ئەمڕۆی گەلەكەمان كە لەم بوارانەدا بنووسن. چونكە ئەوڕۆكە ئیتر باوی چەكیش نەماوە نابێت زمانی چەك جارێكی تر بەكاربێنین. ئیمڕۆكە زمانی قەلەم و دیبلۆماسیەتە. دەبێت داخوازیەكانمان بە زۆریش بێت بەدەست بێنین و ئەو دیاردانەی دیكە بتوانین لەرێگە نووسین و خۆپیشاندان و رێگەكانی دیكەی دیموكراتی هەولەكانمان بخەینە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواكانمان.

دیارە مەبەستی سەرەكی من ئەوەیە و رووی قسەكانم بۆ ئەو نووسەرانەیە كە نووسینەكانیان بە پارە دەفرۆشن واتە بۆ پارە دەنووسن. جێگای حەیف و مەخابنە كە كەسانی لەو جۆرە هەن خۆیان بە رۆشنبیر و بلیمەتیش دەزانن كە چی بۆ چەند هەزاریك دەنووسن دیارە ئامانجیان رۆشنبیركردنی خەلك نییە ئامانجیان پارەكەیە. بەو كەسانە دەلێم بڕۆن كاسبیەكی تر بكەن چاكترە. چونكە ئەم كارە مەبەستم بواری مژار نووسینە پیرۆزە لەوە زیاتر مەیلەوتێنن. بە حوكمی ئەوەی سەرنوسەری بلاوكراوەی "بانگەشەی گۆڕان"م لەم چەند رۆژەی رابردوودا كەسێك كە خاوەنی بڕوانامەی بلاشە ووتی نوسینێكت بۆ دەنوسم بۆ ئەوەی لەبلاوكراوەكەدا بلاویبكەیتەوە، بەلام لەبەرامبەردا چەنێكم پێ دەدەی. منیش لەولامدا ووتم جارێ تۆ نووسین بنووسی بۆ من ناینووسی. تۆ دەبێ بۆ خەلك بینووسی. جارێكی تر بیر لەشتێكی وامەكەرەوە كە بتەوێت بنووسی بۆ پارە. ئەو كەسەم بەنمونە هێنایەوە زۆری تری هاوشێوەی هەن. راستە پارە ئامرازێكە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، بەلام نەك لەم كارە پیرۆزەدا مەبەستت بێ. جا داواكاریم لەو كەسانە ئەوەیە یا ئەوەتا وازبێنن لەم كارە یا با بۆ پارە نەنووسن. لەسەردەمی رژێمی بەعسدا هەرچەندە من ئەو كاتە تەمەنم مندال بوو، بەلام دەزانم نووسەر گەلێك هەبوون بۆ رۆژنامەی هاوكاری و گۆڤاری رەنگین كە زمان حالی بەعس بوون بۆ سوكایەتی بە گەلی كورد دەریان دەكرد كەچی خەلكی وا هەبوو بەبەردەوامی بۆیانی دەنووسی زۆر جاریش پیاهەلدان بوو بۆ "سیف العرب"ی گۆڕ بە گۆڕ بۆ ئەوەی هەندێ پارە وەرگرن. ئێستاش هەمان رێچكەیان وەرگرتوە وا دەزانن سەردەمی بەعسە. یا خەلكی وا پەیدا بووە خەریكە كۆمپانیا دەكاتەوە بۆ هەوال دروستكردن لەم رۆژنامە و ئەو سایت و ئەو گۆڤار. هەوال دردەكات هەندێ دەستكاری دەكات. بە پارە بە رۆژنامەكان دەیفرۆشن، بەراستی لەكوردستاندا هەموو شتێك گەندەل بووە. دیارە هەست بە گەندەلی راگەیاندن ئەوەندە ناكرێ، بەلام دەبێت باش بزانرێت كاری لەم چەشنە بەرە و خراپی دەمانبات. پێویستە نووسەرە باشەكان ئەوانەی كە خۆیان بە كەلە نووسەر دەزانن. رێگە لەكاری بەو شێوەیە بگرن ئەوانەش كە هەر بەردەوام بوون لەسەر كارەكانیان پێویستە سەر كۆنە بكرێن بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو شتە بن كە ئەوڕۆكە رووبەڕوومان بووتەوە....